# شاڵاوی هەڵبژاردن بە شێوازی تورکیا

د.کریستینا کۆڤاینن
پسپۆڕ و کارناسی سیاسیی تورکیا
لە هلسنکی- فینلەندا

تایبەت بۆ گوڵان
دەینووسێ

بەردەوام سەربازی تەواو لەلایەن تورکیاوە لەسەر سنوورەکان هەن، هەفتەی رابردوو پەنجاهەزاریان گواسترانەوە بۆ شەرنەخ، شەڕ لە نێوان چەکدارانی پەکەکە و سوپای تورکیا لە چیاکانی جودی و گابەر بەردەوامە، بەڵام ئامانجی سوپای تورکیا ئاشکرایە کە سنووری عێراق و قەندیلە.

سوپای تورکیا پلانی خۆی دارشتووە، ئەگەر سەربازەکانی تورکیا نەچنە باشوری کوردستان، لانی کەم دەبێ چەکدارانی پەکەکەش نەیەنە تورکیا ، ئەم مەزەندانە چۆن لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ دەکرێن.

دوو هەفتە لەمەوبەر رۆژنامەی (تورکیش دەیلی) نیوز سەبارەت بەم پلانە نووسیبووی، بەوەی دیوارێکی هاوشێوەی ئیسرائیل لەسەر سنووری تورکیا و عێراق دروست بکرێت وەک پەرژینێکی ئاسایش کە کەرتی رۆژئاوای فەلەستینی لە ئیسرائیل جیاکردۆتەوە، بەڵام ئەم پلانەش هەندێک گرفتی دارایی و تۆپۆگرافی لەبەردەمدایە.

شەڕی عێراق خەریکە بۆ ئەمەریکا دەبێتە کارەسات و ڤێتنامی دووەم، بەڵام پێدەچێت تورکیا گوێ بەو کێشەیە نەدات و تەنیا بیر لەسەرکەوتن بەسەر پەکەکە بکاتەوە لە وڵاتێکدا، کە رۆژانە ئەمەریکا سەربازەکانی تیادا دەبێتە قوربانی.

لەم بەهارەدا بەشێوەیەکی گشتی هەفتەی٥ سەربازی تورکیا لە شەڕەکاندا کوژراون، باشە چی روودەدات ئەگەر سەربازەکانی تورکیا سنووری باشوری کوردستان ببەزێنن؟ بێگومان ژمارەی کوژراوانی تورکیا هەڵدەکشێت، تەرمی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ناو تورکیا ، کاتێک ئەم تەرمانەش لە شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە پیشاندەدرێت، دەبێتە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ پارتیMHP ناسیۆنالیستی تورکی.

سوپای تورکیا بۆچوونی خۆی راشکاوانە سەبارەت بە پلانی دیموکراسی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزران خستۆتە ڕوو، لە٢٧/٤/٢٠٠٧یاداشتنامەیەکی داوەتە حکومەت و هەڕەشەی دەستێوەردانی کردووە بە هۆی ئەو تەنگژەی لە پەرلەماندا لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆک دروست بووە، ئایا کاریگەری ئەمەچۆن دەبێت؟

بەپێی راپرسییەک دەرکەوتووە کە زۆربەی خەڵک دەنگی خۆی دەداتەAKP ، ئەمەش مانای ئەوەیە زۆر بوونەتە دژی سوپا و زیاتر لە ئەردۆگان نزیک بوونەتەوە، بەمەش پێدەچێ سوپا نەتوانێت رێگە لەسەرکەوتنی ئەردۆگان لە هەڵبژاردنی داهاتوو بگرێت وحکومەتی ئایندە پێکبهێنێت. ئەردۆگان تەسلیم نابێت، عەبدوڵڵا گول لە مانگی ئایار نەیتوانی ببێتە سەرکۆماری تورکیا ، AKP زۆر بە خێرای یاسایەکی نوێی پەرلەمانی دارشت ئەویش ئەوە بوو: سەرکۆمار راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، لەم حاڵەتەدا ئەگەر سوپا تەسلیم نەبوو، دەبێ هەنگاوی ئایندەی چۆن بێت؟ ئەگەر سەربازەکانی تورکیا سنوری باشوری کوردستان ببەزێنن، ئەوا تەرمی سەربازانی تورکیا زیاتر دەبێت، ئەمە بۆ دەوڵەتی میلتاری باشە، هەستی ناسیۆنالیستەکانی دەوروژێنێ کاتێک ئەم تەرمانە لە شاشەکانی تەلەفزیۆن دەبینن، ئەمەش دەنگی پارتیMHPزیاد دەکات.

سوپا هەوڵدەدات بەم نمایشکردنی هێزە، هەستی کورد بریندار بکات، باشە هەستی کورد دەگاتە کوێ ئەگەر سوپای تورکیا هێرش بکاتە سەر قەندیل؟

ئەم حاڵەتە لەگەڵ دەنگۆی ژەهراوی کردنی عەبدوڵڵا ئوجەلان لە بەندیخانە، هێندەی دیکە کورد تووڕە دەکات و دەڕژێنە سەر جادەکان، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە سوپا چاوەڕێی دەکات و باشترین بارودۆخە بۆ ئەوەی سوپا حوکمی نائاسایی رابگەیەنێت و ئەردۆگان و گول دەسەڵات دوور بخاتەوە.

ئەم بەهارە پێدەچێت بەهاری ئومێدی هاوکاروکاری کوردان بێت، من ئومێد دەخوازم سەرۆک مسعودبارزانی تەسلیمی گوشارەکانی تورکیا نەبێت و رێگە نەدات هێرش بکەنە سەر قەندیل، ئەم بەهارە کورد لە تورکیا و باشووری کوردستان گەیشتە ئەو قەناعەتەی، کە دەستێوەردان لە کەرکووک لەگەڵ هێرشکردنە سەر دیاربەکر وەک یەکە، بەڵام ئەگەر سەرۆک مسعودبارزانی لێبگەڕێت تورکیا هێرش بکاتە سەر قەندیل، ئایا پشتگیری کوردی تورکیا بۆ بارزانی چی بەسەردێت؟

چەندین سەدەیە کورد بە شێوازی"پەرتەکەو زاڵ بە" حوکمڕانی دەکرێن، هەر بۆیە هەوڵدانی تورکیا بۆ ئەوەی مۆڵەت لە کوردی باشور وەربگرێت بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر قەندیل تەلفەیەکی دیکەی ئەو ستراتیژەیە، ئومێدەوارم کورد لەو پەندە تێگەیشتبن و بە یەکگرتوویی خەبات بۆ مافەکانیان بکەن.



(ژمارە:٦٣٥)٢١/٥/٢٠٠٧